# بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و سۆفتوێری پیشە لە سەنتەری کۆنێکسندا

**بەکارهێنانی ئەنتەرنێت لە سەنتەری کۆنێکسندا**

لە بەشی سەرچاوەکانی کتێبخانەی کۆنێکسن لەناو سەنتەری کۆنێکسندا چەند کۆمپیوتەرێکی تێدا هەن کە ئەنتەرنێتی تێدا بەکاردەهێنرێت . ئەم کۆمپیوتەرانە بۆ ئەوە دابینکراون کە کەسەکان بتوانن ماڵپەڕەکان (وێب سایتەکان) بەکاربهێنن بۆ پەیداکردنی زانیاری لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە :

- خوێندن ، پیشەکان ، و ڕاهێنان
- بابەتەکان/یاخود گیروگرفتەکانی تر کە وا پێویست دەکات چارەسەریان بکەیت بۤ نموونە:
  - زانیاری دەربارەی تەندرووستی (لەوانەش زانیاری دەربارەی ئەلکەحول و بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان)
  - خانووبەرە
  - پارە
  - پەیوەندیەکان
  - ئەوشتانەی کە لەکاتی دەستبەتاڵی خۆتدا دەتوانیت بیکەیت .

دەبێت لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە وۆڵپەیپەر و هێمای کۆنێکسنی مێرسیی‌سایدی Greater Merseyside Connexions' لەسەر بێت ،هەروەها هێمای چەند پرۆگرامێك و هێمای ئەنتەرنێت ئیکسپلۆرەری (واتە هێمای بەکارهێنانی ئەتنەرنێت) لە لای چەپی شاشەکەدا هەن .

**پەسەندکرنی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بە خۆڕایی**

بەکارهێنانی تۆڕی کۆمپیوتەری کۆنێکسنی مێرسیی‌ساید Greater Merseyside Connexions' (و بەکارهێنانی تۆڕەکە بۆ ئەنتەرنێت) لە لایەن کەسەکەوە، لە ڕێگای کۆنێکسنی مێرسیی‌سایدی گەورەی Greater Merseyside Connexions' ـەوە دابینکراوە بەپێی بۆندی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە لایەن کەسەکەوە . کاتێك کە یەکەم جار کۆمپیوتەر لە یەکێك لە سەنتەرەکانماندا بەکاردەهێنیت ، ئەوا داوات لێ دەکرێت کە کۆپیەکی ئەم بۆندە بخوێنیتەوە و ئیمزای بکەیت .

**خاڵە سەرەکیەکانی ئەم بۆندە ئەمانەی خۆارەوەیە:**

1. لەوانەیە لەبەربوونی داواکاری زۆر ، ماوەی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت سنووردار بکرێت. ئەگەر داواکاری بەکارهێنانی ئەنتتەرنێت لەلایەن کەسەکانەوە زۆر بێت ئەوا لەوانەیە ماوەکە سنووردار بکرێت ، بۆ نموونە 1 کاتژمێر بۆ هەر دانیشتنێك.
2. تەماشاکردن ، دابەزاندن یاخود کۆپیکردن و گواستنەوەی هەر شتێك لەناو ئەنتەرنێتدا کە ئابڕووبەر (ناشرین) بێت یاخود بڵاوکراوەی سێکسی یان ئەو بابەتانەی هانی تێرۆرستی یان هاندانی قین لێبوون بەهۆی ڕەگەزەوە دەکەن ، هەموو ئەمانە بەتەواوەتی قەدەغەن .
3. بەمەبەستی بەریگریکردن لە تووشبوونی کۆمپیوتەر بە ڤایرۆس، سپای‌وێر و ..هتد، کەرەسەی خەزنکردنی میدیا لەگەڵ کۆمپیوتەرەکاندا بەکارناهێنرێت تەنها ئەو کاتە نەبێت کە لە پێشدا ئەو کەرەسەیە لەلایەن فەرمانبەرێکی مێرسیساید کۆنێکشنەوە پشکنێردرابێت .

4. دابەزاندنی فایل لە ئەنتەرنێتەوە تەنها لە ڕێگای ڕەزامەندبوونی یەکێك لە ئەندامانی فەرمانبەرانی میرسیساید کۆنێکشنەوە دەکرێت .
5. ڕەفتاری خراپ ، دەستێوەردان یاخود شێواندن و لەکارخستنی تۆڕەکە بەتەواوەتی قەدەغەیە .

ئەو بەکاربەرانەی بەهۆی جێبەجێ نەکردنی ئەم بۆندەوە بەخراپی کۆمپیوتەرەکان بەکاردەهێنن لەوانەیە دەرئەنجامی ئەوەی لێبکەوێتەوە کە نەهیلڕێت جاری تر کۆمپیوتەرەکان لە سەنتەرەکانی کۆنیکشنماندا بەکاربهێنن .

# سۆفتوێری کۆنێکشن تایبەت بە پیشە

**ڕێپیشاندان بۆ کەسانی گەورە :**

ڕێپیشاندان بۆ کەسانی گەورە زۆر لە (کۆدۆس) دەچێت بەڵام ئەم ڕێنومایانە بۆ ئەو کەسانە دانراوە کە تەمنیان لەسەروو 19 ساڵەوەیە .

- زانیاری بە درێژی دەربارەی زیاد لە 700 پیشە (زیاد لە 1800 ناونیشانی کار) هەر لە ئاستی نەبوونی شارەزاییەوە بۆ ئاستی پیشەداری .
- زانیاری گشتی سەبارەت بە کۆمەڵێك بابەتی تایبەت بە ئیش ، ڕێگاکانی بەدەستهێنانی شارەزایی لە کار ، زانیاری دەربارەی خوێندن لە ئاستی بەرزدا ، هەروەها یاسای جوداکاری لە کاردا و هتد ، تێدایە .

**کەریەرسکەیپ (Careerscape)**

**ئەم فایلە زانیاری دەربارەی کار و پیشەی تێدایە لەگەڵ:**

- زانیاری دەربارەی زیاد لە 1700 کار کە پۆلین کراون بۆ کۆمەڵە پیشەییەکان بە مەبەستی یارمەتیدانتان لە پیلاندانانی پیشەکەتاندا .
- زیاد لە 50 ووتار لەسەر لایەنە جیاوازەکانی کارکردن و خوێندن و ڕاهێنان .
- زیاد لە 300 کێسی (قەزیەی) دیراسەکراو کە لەو کێسانەدا خەڵکان سەبارەت بە پیشەکانیان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە.
- زیاد لە 150 فلیمی ڤیدیۆی تایبەت بە ئیشەکان .
- زانیاری ئاماریی تازە بە تازە سەبارەت بە بازاڕی کار.

**کۆچکردن / یاخود کارکردن لە دەرەوەی ووڵات**

زانیاریەکانی ئەم بەشە بۆ ڕاوێژ وەرگرتنە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر ئارەزووی ئەوەت هەبوو لە دەرەوەی ووڵات کاربکەیت یاخود بخوێنێت ، یان بیر لەوە بکەیتەوە ساڵێك پشوو (فەراغ) وەربگریت .

## کیکلیپس (Keyclips)

**فایلێکی ئاسانە دەربارەی ئەو نامیلکانەی زانیاریان تێدایە و بۆ چاپکردن دەشێن .**

**بەکاربەران دەتوانن بەدوای هۆکارەکاندا بگەڕێن وەك (لێهاتوویی ، بابەتە پەسەندکراوەکانی قوتابخانە ، هتد ) بەمەبەستی درووستکردنی لیستێکی تایبەت بە نامیلکە پەسەندکراوەکان بۆ ئەوەی بەکاربەر بیخوێنێتەوە و بیری لێ بکاتەوە .**

**دەتوانرێت ئەو نامیلکانە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەوە بخوێنرێنەوە یاخود چاپ بکرێن . لە بەشی زانیاری زیاتر لەسەر هەریەکێك لەو نامیلکانەدا لینکی ئەو ماڵپەرانەی لەسەرە کە پەیوەستدارن .**

## کۆدۆس Kudos:

**کۆدۆس ڕێ بۆ ئەو کەسە گەنجانە دەستەبەردەکات بۆ بەدەستکەوتنی لیستێکی ئیش و پیشەکان تاوەکو ڕەچاوی بکەن . بەکاربەرانی ئەم بەشە وەڵامی زنجیرەیەك پرسیار دەدەنەوە سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانی کار ، وە پرۆگرامی (کودۆس)یش لەسەر بناغەی ئەوەی کە بەکاربەران حەزیان بەچی هەیە و حەزیان بەچی نیە لیستێکی پێشنیارکراو درووست دەکات .**

**هەروەها پرۆگرامی کۆدۆس ڕەچاوی خوێندن و ڕاهێنان و هەر هۆکارێکی پەیوەستدار بە تەندرووستیەوە دەکات تا بزانرێت داخۆ ئەمانە چۆن کاریگەری دەکەنە سەر هەڵبژاردنی پیشە .**

**لە پرۆگرامی کۆدۆسدا زانیاری سەبارەت بە زیاد لە 1600 پیشەی تێدا هەیە (لەگەڵ زانیاری دەربارەی ڕێگاکانی بەشداربوون ، هەڵبژاردەکانی کارکردن ، هەروەها زانیاری دەربارەی بازاڕی کار ).**

**(کۆنێکسینی مێرسیی‌ساید) گرنگی بە بیرۆکەکانی ئێوە دەدات سەبارەت بە چۆنێتی بەرەوباشترکردنی خزمەتگوزاریەکانمان .**

## کۆنێکسینی مێرسیی‌ساید

- **کۆنێکسینی مێرسیی‌ساید خزمەتگوزاری زانیاری و ئامۆژگاری و ڕێ پینیشان دابین دەکات بۆ گەنجان لە ناوچەکانی هالتون ، نۆسلی ، لیڤەرپوڵ ،سەینت هێلن ،سێفتن ، و ویراڵ .**
- **کۆنێکسینی مێرسیی‌ساید خزمەتگوزای بۆ ئەو گەنجانە دابین دەکات کە تەمنیان لە نێوان 13 بۆ19 ساڵە ، هەروەها بۆ ئەو گەنجانەش کە پێداویستی تایبەتیان هەیە و تەمەنیان لە نێوان 13 بۆ 25 ساڵانە .**
- **کۆنێکسینی مێرسیی‌ساید پشتگیری دەکات لە ڕێسای مافەکانی یەکسانی لە کارکردن ، خوێندن و ڕاهێناندا ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەوا ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین کە دڵنیایی لەوەدا بکرێت کەوا هەموو کەسێك بەشێوەیەکی یەکسانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت بەبێ گوێدانە ڕەگەزیان (نێر و مێ) ، ڕەگەزی نەتەوەیی ، دین ، کەمئەندامی یان بنەڕەتی ڕەگەزیان .**